# بەر لە وادەی ...

بەرزان هەستیار
نۆڤێمبەری 2005
ئەڵمانیا / کۆلن
bhastiar@yahoo.de



پێش ئەوەی پاییزمان خۆش بوێت
با ، بیر لە مردنی گەڵاکان بکەینەوە
بچینە لای ئەو درەختانەی ...
هەموو دەم بوخچەیەکیان لە بن دەستە ...
پڕە لە کراسی تازیەباری ؛
گەر ناکرێت وێنەی خەزان
لە سووچی سەرەوەی دڵماندا هەڵنەواسین
چ نەبێت لەبەر دڵی دارستان...
با ، ستاییشی نەکەین ،
بە خاتر هێلانەی باڵندەکان
بینیینی عەورەتی.....
لق و چڵەکانمان پێ خۆش نەبێت ؛
ئێستاکە کاتی سڕینی ...
هەڵمی سەر کریستاڵەکانی چاومانە
بۆ ئەوەی قەشەنگیی دەریا ....
لە شەپۆلەکانیا نەبینین
چونکە کەشتییەکان لە سەفەردان ؛
میهرەبانیی ئاسمان....
لە هاتنە خوارەوەی کلوەبەفرا چاو نەکەین ،
دەست هەیە بێ گیرفان و
ڕۆح هەیە سەرما بردەڵە ؛
ئەوەندە بە خۆ نواندنی هەتاو شادمان نەبین

**گیان هەیە بێ سێبەر ،**
**دڵ زۆرە بێ کە پر**

*******

**چەند جوانە بیر لە پشیلە بکەینەوە**
**بەرلەوەی بە خواردنی کۆترەکان تاوانباری کەین**
**حیکمە تی خۆی هەیە ، لەسەر دەنکە گە نمێك ...**
**شارە مێروولەیەك نەسووتێنین ؛**
**بۆ دزیینی شیلەکانیان ...**
**هەنگەکان سەرگەردان نەکەین ؛**
**بە قسەی "حەمە عومەر عوسمان "* بکەین و**
**بۆ ساتێك گەرمبوونەوە ...**
**گڕ لە گەڵا نامورادەکان بەر نەدەین ؛**
**چەند حیکمەتێکی گەورەیە**
**لەم دیو تەلبەندەکانەوە ...**
**بە پڵنگەکانی باخچەی ئاژەڵان پێنەکەنین ؛**
**فرسەت لە برسێتیی ماسییەکان نەهێنین و**
**خیانەت لە دڵسافییان نەکەین ؛**
**لە داخی دڕکەکانی...**
**ڕق لە تووترك هەڵنەگرین ؛**
**تەنها لە عیشقی گوڵاو ....**
**گوڵجاڕمان لا شیرین نەبێت ؛**
**هەر بۆ دیتنی جوانییش ....**
**نەڕوانینە ئاوێنە شاراوەکانی ناخمان ،**
**چەند حیکمەتێکی جوانە ،**
**لە برسێتیی ڕیشۆڵە تێ بگەین...**
**بەر لەوەی گیرۆدەی داوی کەین ؛**
**لوورەی گورگ و**
**قروسکەی سەگ و**
**گیزە گیزی باڵی زەردەواڵە بخوێنینەوە**
**تا شەرم لە ئازاردانی بێچووەکانیان بکەین ؛**
**دوا جار ، چەند هۆشمەندییە.....**

**هەست بە میهرەبانیی پێڵاوەکانمان بکەین...**
**پێش ئەوەی فەرامۆشیان کەین ،**
**بەر لەوەی دوور..دوور تووڕیان دەین !!**

*****

*** هاوڕێی شاعیرم " محەممەد عومەر عوسمان " لە بە شێك لە شیعری لە غوربەتا ئەڵێ :**

**ڕۆژێکی پایز.. مەست بووم ..ئەلەرزیم..**
**لە ناو باخێکا نوقمی خەزان بوو**
**هاوڕێیەك کۆشێ گەڵای داگیرسان..**
**گڕی گەڵای زەرد بۆ تینی گیان بوو**

**لەیلاکەم چاوی دوو گەڵای زەردە..**
**وتم .. تۆ چیت کرد ئەی هاوڕێی ئازیز ؟**
**ئەو کۆچی کرد و تۆش چاویت سوتان..**
**بۆ گڕ بەر ئەدەی لە گەڵای پایز ؟**